# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩١٩ ■ پێنجشەممە، ٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٥ _ ٢١ی مایی ٢٠٢٦


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


ڕەزا دانشجوو
**بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی سەرنج دان؟** ٣

ئەلبورز ڕوئین‌تەن
**لە نێوخۆدا کۆرەی باکوور، و لە دەرەوە چەتەی دەریایی** ٤

مەنسوور سۆهرابی
**سیاسەت وەک هونەری مومکین** ٥

ئیبراهیم لاجانی
**خەباتی مەدەنی و شەپۆلی نوێی زەبروزەنگی ڕێژیم** ٧

ڕۆژهات موکری
**ترومای بەکۆمەڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛** ٩

ئاریێز محەممەدی
**چۆنیەتیی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد** ١٠


## مستەفا هیجری لە کۆبوونەوەی سۆسیال دێموکراتەکاندا:

# خەبات و تێکۆشانی ئێمە بۆ ئازادکردنی نیشتمانمانە




## سەردانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ناوەندی ئۆلاف پالمە



کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر داوای سەنتەری ئۆلۆف پالمێ لە شاری ستۆکهۆلم ڕۆژی دووشەممە ٢١ی بانەمەڕی ١٤٠٥ سەردانی ئەو ناوەندەی کرد و لەلایان بەرپرسانی ئەو ناوەندەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. ئەو دیدارە لە باڵەخانەی ئەو ناوەندە کە بە ماڵی سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد بەناوبانگە، پێکهات.

لەو دیدارەدا ئۆسکار ئێرنڕووت، بەرپرسی ئەو ناوەندە و خاتوو سانا ئێلیاسۆن، نوێنەری نێونەتەوەیی ئەو ناوەندە و ژمارەیەک لە لاوان و چالاکانی سۆسیال دێموکرات بەشدار بوون. کاک مستەفا لەو دیدارەدا تازەترین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و کوردستان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی هێنایە بەر باس و تیشکی خستە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەدا زەبری قورسی سیاسی، ئەمنییەتی و نیزامیی لێ کەوتووە و هاوکات گرانی و تێچووی زۆری دەرمان و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە بڕستیان لە خەڵک بڕیوە. هەروەها سەرەڕای بڕانی ئینترنێت لە خەڵک، زەبروزەنگی ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی سیاسیی بە تاوانی هاوکاریکردن لەگەڵ ئیسراییل و زۆر بیانووی بێبنەمای دیکە دوای شەڕ پەرەی ئەستاندووە. باس لە ئامانجەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، هۆکار و دەرەنجامەکانی هێرشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە ماوەی ئەو ئاگربەستەشدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، حیزبی دێموکرات چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزب بوون.

کاک مستەفا لە وڵامی پرسیارێکدا لەبارەی شێوەی هاوکاریی ئەو ناوەندە بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی: وڵاتانی ڕۆژاوایی هەتا ئێستا بە نەرمی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد، بەڵام مێژوو دەریخست کە کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت. چونکە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت. ئێمە پێمانوایە کە وڵاتانی ڕۆژاوایی پێویستە بیر لە گۆڕینی ڕێژیم بکەنەوە. سکرتێری گشتیی حیزب پێوەندیدار بە جیاوازیی بۆچوونی وڵاتانی ئورووپایی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمەڕ شەڕ بە دژی ئێران ئەو ڕاستییەی خستە ڕوو کە ئێران بە قازانجی خۆی کەلکی لە ناتەباییەکانی نێوان ئەمریکا و ئورووپا وەرگرتووە و ئێمە پێمان‌وایە ناوەندی ئۆلاف پالمە دەتوانێ کار لەسەر سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی سوئێد بکات، ئێوە دەتوانن هاوکاریی ئەو ژن و منداڵانە بن کە بە هۆی مووشەک و درۆنبارانەوە ئاوارە بوون و زۆر لە بارودۆخێکی ناخۆشدا دەژین. هاوکارییەکی دیکە ئەوەیە کە بتوانن بەشێک لەو بنەماڵانە وەک پەنابەر وەربگرن و لە باری سیاسییەوە دەکرێ سەبارەت بە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستتان هەبێت.

کاک مستەفا لە پێوەندی لەگەڵ بوون بە ئاڵترناتیڤ بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی گوتی: ئێمە لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاریکراو لە ئێراندا چالاکین و سێهەم نەتەوەی گەورەی نێو ئێرانین و هیچ کام لە ئێمە ناتوانین بە تەنیا ڕێژیم بڕووخێنین. ئێمە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵمان هەیە و لە ئێستاشدا لەگەڵ هێز و کەسایەتییەکانی دیکەی ئێران سەرقاڵی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی لەو جۆرەین.

لە کۆتایی دیدارەکەدا، بەڕێز مستەفا هیجری وەک وەفایەک بۆ خەباتی مرۆڤایەتی، سەردانی گۆڕی ئۆلاف پالمە، سەرۆکوەزیری کۆچکردووی سوئێد و دۆستی نیزیکی دکتۆر قاسملوو و گەلی کوردی کرد و تاجەگوڵینەی ڕێزی لەسەر دانا.

## دیداری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ کۆمیتەی حیزب و لاوانی سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد



کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ٢١ی بانەمەڕی ١٤٠٥ی هەتاوی لەسەر داوای فەرمیی یەکیەتیی لاوانی سۆسیال دێموکراتی سوئێد (SSU) بنکەی سەرەکیی ئەو یەکیەتییەی کرد.

لەو دیدارەدا چەندین پرسیاری جەوهەری ئاراستەی سکرتێری گشتی کرا و ناوبراو بەوردی تیشکی خستە سەر ستراتێژیی حیزب و دۆخی ئێستای ئێران.

**وڵام لەهەمبەر سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ:** کاک مستەفا لە وڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حیزب و سەرۆککۆماری ئەمریکا ڕایگەیاند: ئامانجەکانی ترامپ لەگەڵ ئامانجەکانی ئێمە جیاوازن. ئێمە پشتیوانی لەو بڕیارانەی دەکەین کە ڕێژیم لاواز دەکەن، بەڵام نامانەوێت ببینە هێزی زەوینی هیچ وڵات و لایەنێک؛ ئێمە ڕێگای تایبەت بە خۆمان بۆ خەبات هەیە و ئامانجمان ئازادکردنی وڵاتەکمان بە دەستی خۆمانە.

**ڕەخنە لە "چەپی ڕۆژاوا" و هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپا:** سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵامی پرسیارەکێکدا ئاماژەی بەوە کرد سیاسەتی ڕۆژاوا تا ئێستا "هەڵکردن" و "سازان" لەگەڵ تاران بووە. دواتر ڕەخنەی لە هەڵوێستی هەندێک لە لایەنە چەپەکان گرت کە دژی گوشار بۆ سەر ئێرانن و گوتی: پەیامی چەپ دەبێ ئاشتی و دێموکراسی بێت، بەڵام زۆرجار بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکەن.

**دروستکردنی ئاڵترناتیڤی سیاسی:** لە وڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کێ دەبێتە ڕێبەری داهاتوو، کاک مستەفا جەختی لە کاری بەکۆمەڵ کردەوە و گوتی: تاکەکەس ناتوانێ بەتەنیا شوێندانەر بێت. ئێمە کار لەسەر پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک دەکەین و لەو چوارچێوەیەدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانمان وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو پێکهێناوە.

**کێشەی "حەمید نووری" و تێرۆریزم:** سکرتێری گشتی ئاماژەی بەوە کرد کە ئازادکردنی کەسانی وەک حەمید نووری و گەڕاندنەوەیان بۆ ئێران، تەنیا دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری کۆماری ئیسلامی بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە ئورووپا؛ جونکی ئەم ڕێژیمە هەر هەڕەشە نییە بۆ سەر گەلانی نێوخۆ، بەڵکوو مەترسییە بۆ سەر ئەمنییەتی هەر هەموو جیهان.


**پەیام بۆ لاوانی نێوخۆی ئێران:** لە وڵامی پرسیاری "چۆن لە کاتی بڕانی ئینتێرنێتدا پەیوەندی بە لاوانەوە بکرێت؟"، کاک مستەفا داوای لە لاوانی سوئێد کرد کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ببنە "دەنگی لاوان و ژنانی چەوساوەی نێوخۆ" و ڕاستییەکانی ئەو سەرکوتکارییانە بە جیهان بگەیەنن.

هەر لەو سەردانەدا کومیتەی گشتیی حیزب لە سوئێد ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠ی بانەمەڕی ١٤٠٥ سیمینارێکی سیاسی-تەشکیلاتیی بۆ سکرتێری گشتی حیزب لە شاری وێستڕۆس پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کاک مستەفا باسێکی گشتی سەبارەت بە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاریگەریی ئەو ڕووداوانە لەسەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕات و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. بەڕێزیان لە قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت ئەوەی دەتوانێ حیزبێک یان هێزێکی سیاسی لەسەر پێ ڕاگرێ نوێبوونەوەی بەردەوام و ڕاکێشانی مێشک و توانا تازەکانە. بەڕیزیان هەروەها لەسەر بارودۆخی حیزب بەتایبەت دوای شەڕی ئەمریکا و ئیسڕائیل لەگەڵ ئێران بۆ بەشداران دوا تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئەگەر بارودۆخی حیزب و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەهۆی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، زیاتی لە جاران زیاترە، بەڵام هاوکات دەرفەتی زیاتریشی لە بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد داناوە.

## خالید عەزیزی:

## خەباتی حیزبی دێموکرات بە شەڕی ئێران و ئەمریکاوە نەبەستراوەتەوە



کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەشی فارسیی "دەنگی ئەمریکا"، باسی لە ئامانجی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەندی‌وچۆنیی بەردەوامیی خەباتی حیزبی دێموکرات و لێکەوتەکانی شەڕی ئێران و ئەمریکا کرد.

کاک خالید عەزیزی ڕوونی کردەوە تاران بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی و شاردنەوەی قەیرانەکان پەلاماری کەمپ و بنکەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات و خەباتی کوردیش بە هیچ هاوکێشەیەکی دەرەکی نەبەستراوەتەوە و لە هەموو شێوازەکانی خۆیدابەردەوام دەبێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، دەیەوێت بە زەقکردنەوەی پرسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان، وێنەیەکی وەها نیشان بدات کە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر "ئەمنییەتی نەتەوەیی" ئێران هەیە، لە کاتێکدا ئەم ئیدعایانە هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە. هەروەها حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەموو مافێکی یاسایی و نێودەوڵەتییان هەیە و دەتوانن سکاڵا دژی ئەم پێشێلکارییانەی تاران تۆمار بکەن؛ چونکە ئەوان بەشێک نین لەم شەڕە.

خالید عەزیزی لەبارەی کاریگەریی ئەم گوشارانە لەسەر خەباتی کورد، دووپاتی کردەوە کە خەباتی گەلی کورد بۆ دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی، بابەتێکی سەربەخۆیە، مێژوویەکی نیزیک بە سەد ساڵی هەیە و پێش شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیلیش هەبووە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت. بەڕێزیان پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە خەباتی ئێمە بەشێکیشە لە خەباتی گشتیی خەڵکی ئێران دژی سەرکوت؛ تا ئەو کاتەی دێموکراسی جێگیر نەبێت و کورد بە مافەکانی نەگات، نە گوشارەکان و نە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان ناتوانن کۆتایی بەم خەباتە بهێنن.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات هۆکاری کەمڕەنگیی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ئێرانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێستا سەرنجی جیهان لەسەر قەیرانی ئابووری و ئەمنییەتی گەرووی هۆرمۆز و کێشە گەورەکانی ناوچەکەیە. بەو هۆیەوە، بەداخەوە پرسی هێرشەکان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و مافی پەنابەرانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا پەراوێز خراوە.

## مستەفا هیجری:

# خەڵکی ئێران حکوومەتی تاکەکەسی یان حکوومەتی تاقمێکی بچووکیان ناوێ



(دەقی وەرگێڕدراوی وتووێژی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ڕۆژنامەی سویدی سوێنسکا داگ بلادێت)

**– ماتیاس ستالە**

**– ڕۆژی ١٣ی مای بڵاو بۆتەوە**

تەنیا چەند ڕۆژ دوای ئەو هێرشەی کوژرانی "ئایەتوڵڵا خامنەیی" ڕێبەری باڵای ئێرانی لێ کەوتەوە، کۆشکی سپی بە نیازی ڕاکێشانی کوردەکانی ئێران و ئێراق بۆ نێو هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران پێوەندی بەوانەوە کرد. بەڵام بە وتەی مستەفا هیجری، ڕێبەری گەورەترین حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران ئەگەر سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا چاوەڕوانی ئاکامێکی خێرای لەو شەڕە هەبێت، دەکرێ بێ ئومێد بێت. مستەفا هیجری دەڵێ ڕاستە ڕێژیم بەرەو ڕووخانە، بەڵام ناکرێ بڵێین هەرد ئێستا یان دواتر. ئەو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "سوێنسکا داگ بلادێت" لە ستۆکهۆڵم دەڵێ: "من زۆرتر وای دەبینم کە ڕووخانی ڕێژیم دوا بکەوێ و ئەوەش کاتی خۆی دێت."

مستەفا هیجری لە ئێستادا سەرقاڵی سەفەر بۆ وڵاتانی دەوروبەرە تا لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئورووپایی کۆ ببێتەوە و وێنەیەکی ڕوون لە بارودۆخی نێوخۆی ئێرانیان، ئەو شوێنەی کە ئینتێرنێت و باقی کاناڵەکانی پێوەندی بە بڕیاری سپای پاسداران پچڕاون، بخاتە بەر چاو.

### شەڕی چەکداری

بە گوێرەی هەواڵی واشینگتن پۆست دەگوترێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتی ڕزگارکردنی بەشەکانی ڕۆژاوای ئێران پشتیوانیی هێزی هەوایی دابین دەکات. مستەفا هیجری دەڵێ؛ بەڵام ئەوەی لە وتوێژەکاندا گوتراوە بە هۆکاری دیپلۆماتیک دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوە: "ئێمە نوێنەرمان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و لە ڕێگای ئەوانەوە لەگەڵ ئەمریکاییەکان لە پێوەندی داین. من نامەوێ لەوە زیاتر سەبارەت بەوەی لە نێوانماندا گوترا ڕوونکردنەوە بدەم".

سەرەڕای ئەوەش ئەو سەبارەت بە بابەتێک دڵنیایە. لە ئێستادا ڕاپەڕینی چەکداری وەک ڕێکارێکی کردەیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان لە لایان ئەندامانی هاوپەیمانیی نابیندرێت: "ئەمن شەڕێکی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نابینم. لە ئێراندا هیچ بەرهەڵستییەکی چەکداریی یەکگرتووی ئەوتۆ نییە هەتا بەو ئاکامە دڵخوازە بگات."

هیجری پێی وایە کە لەپێشترین و چارەنووسسازترین شت لە کاتی ئێستادا وتوێژەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە وڵاتی "چین"ە. ئەگەر ئاگربەس جێگیر ببێت و کۆمەڵگە کرانەوە بەخۆیەوە ببینێ، دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ خەڵکی ئێران دووبارە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بیانەوێ بەشێوەی ئاشکرا بێنەوە سەر شەقامەکان. بەڵام لە کاتی ئێستادا بارودۆخ زۆر مەترسیدارە و دوایین جار کە ڕووی دا کوژرانی ٣٠ تا ٤٠ هەزار کەس لە خۆپیشاندەرانی بەدوودا هات.

سکرتێری گشتیی حیزب چاوی بە سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد دەکەوێ. مستەفا هیجری لە سوید بۆ نموونە لەگەڵ ئەندامانی پارلمانی ئەو حیزبە، "لەیف نیسمێد" و "قادر کەسیرگا"، کە هەردووکی ئەوان ئەندامی تۆڕی سویدی-کوردیی پارلمانن، چاوپێکەوتنی هەبووە.

بارودۆخی کوردەکان لە ئێران و وڵاتانی هاوسێ زۆر ناخۆشە. لەیف نیسمێد دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ وێنەیەکی ڕوونمان ڕاستەوخۆ لە بارودۆخی کوردستان هەبێت." حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک دەستەخوشکی سۆسیال دێموکراتەکان چاوی لێدەکرێت. ئەوە لە پێوەند لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەیە کە ویستی وەدیهاتنی حکوومەتێکی دێموکراتیان هەیە لەلایەکی دیکەوە پارلمان دەیەوێ بزانێ هاوکاریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن چەندە جێی گرتووە.

بە وتەی لەیف، ئیدەی چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا هیجری هەمان ئەو دەستپێشخەرییەیە کە حیزبی دێموکرات مەسیحی و دێموکراتەکانی سوید کردیان و لە نێوەڕاستی مانگی ئاوریلدا ڕەزا پالەوییان بانگهێشت کرد؛ چاوپێکەوتنی ئێمە دەبێ وەک تەواوکەری ئەو بانگهێشتنە چاوی لێ بکرێت. بیستنی دەنگە جیاوازەکان گرینگترە لە بیستنی تەنیا دەنگێک.

### پێتان‌وایە ئەگەر ڕەزا پالەوی بێتە سەر کار هەڕەشەیەکی بۆ سەر ئێوە هەبێت؟

بە تەواوی. ئەو پشتیوانی لە دەڵەتێکی سێنتراڵ وەک ئەوەی باوکی بەڕێوەی دەبرد دەکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی حیزبەکانی نێو هاوپەیمانی پشتیوانی لە ڕێگا چارەی فیدراڵی دەکەن، کە لەوێدا ناوچەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا مافی زیاتری دیاریکردنی چارەنووسیان بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتێکی ناوەندگەرا دەبێت. خەڵکی ئێران پێویستیان بە حکوومەتی تازەی تاکەکەسی یان حکوومەتی تاقمێکی بچووک نییە.

### بەرنامەی سەفەری نهێنی

گەڕان بە دوای پشتیوانی یەکێک لە ئامانجەکانی سەفەری ئورووپاییی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. نێوەرۆکی بەرنامەکانی ئەو سەفەرەش بە نهێنی دەمێنێتەوە.

مستەفا هیجری دەڵێ حیزبی ئێمە چەندین جار تووشی هێرشی تێرۆریستی بۆتەوە، بۆیە لە سەفەرەکانیدا هەموو کات هەڕەشەی گەورەی لەسەرە. ستۆکهۆڵم یان باقی پێتەختەکانی ئورووپا لەو هەڕەشانە پارێزراو نین. ساڵی ١٩٩٢ی زایینی، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب و نیزیکترین هاوڕێکانی لە لایان تیمی تێرۆری ئێران لە ڕێستوڕانێکی بێرلیندا گیان لێ ئەستێندرا.

بڕیار بوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ "ئینگوار کارلسۆن"، ڕێبەری حیزبی سوسیال دێموکراتەکان و "مونا سالین"، سکرتێری حیزب لەو ڕێستوڕانە چاویان بە یەک بکەوێت، بەڵام سوئێدییەکان ڕێگایان پێ نەدرا و کەمێک پێش نانی ئێوارە لەو چاوپێکەوتنە پاشگەز بوونەوە. سێ ساڵ پێشتر، "عەبدولڕەحمان قاسملوو"، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڤییەن، لە کاتی وتووێژ لەگەڵ شاندی وتووێژی ئێرانەوە لە لایان ئەو هەیئەتەوە تێرۆر کران.

### ئایا ئێستاش کە سەفەرێکی ئەوتۆ دەکەن دەبێ بترسن؟

مستەفا هیجری دەڵێ ئەمن خۆم قوربانیی هێرشێکی تێرۆریستی بووم. هەر چەند ئەوە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بوو و من بە سەلامەتی ڕزگارم بوو. ئەو دەڵێ؛ ئەوە لە ١٩٩١/٥/٢٧ی زایینیدا ڕووی دا. کاتێک ئەو وەک سیاسەتمەدار سەردانی پۆلێک پێشمەرگەی لە عێراق دەکرد. دەڵێ لە ڕێگای گەڕانەوەدا جادەکەیان مینڕێژ کردبوو و یەکەم ئۆتۆمبیلی کاروانە کەوتە سەری: "سپای پاسداران چاوەڕوان بوون ئەمن لە ماشێنی یەکەمدا بم، بەڵام ئەو ڕۆژە چووبووم لە ئۆتومبیلەکەی دواتردا سوار ببووم؛ مخابن چەند کەس لە هاوڕێکانم شەهید و بریندار بوون".

# دیداری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ دیدار لەگەڵ "لەیف نیسمێد" و "قادر کەسیرگا"، دوو ئەندامی پارلەمانی سۆئێد



ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی بانەمەڕی ١٤٠٥ی هەتاوی، کاک مستەفا هیجری لەگەڵ بەڕێزان "لەیف نیسمێد" و "قادر کەسیرگا"، ئەندامانی پارلەمانی سۆئێد لە حیزبی سۆسیال دێموکرات و ئەندامانی تۆڕی سۆئێدی-کوردی لە پارلەمانی ئەو وڵاتە کۆ بووەوە.

لەم دیدارەدا کاک مستەفا هیجری تیشکی خستە سەر سیاسەت و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هۆکاری پەرەنەسەندنی سیاسی لە نێوخۆی ئێران و ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ هاوکات ئەوە کە کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ دەنگی مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران ببیستێ و پاڵپشتییان لێ بکرێت.

دوو پارلەمانتارەکەی سوئێدیش ئاماژەیان بەوە کرد کە لایەنێکی سەرتاسەری و پاوانخوازی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو کەشێکی یەکلایەنەیان لە ڕۆژاوا دروست کردووە کە ڕێگە نادات دەنگی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی دیکەی ئێران ببیسرێت. ئەوان جەختیان کردەوە کە تۆڕی سۆئێدی-کوردی دەیەوێت ببێتە دەنگی ئەو لایەنانەی کە هەوڵی کپکردنیان دەدرێت و داوای هاوکاریی زیاتریان لە حیزبی دێموکرات کرد. هەروەها ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە لە داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ سکرتێری گشتیی حیزب لەنێو پارلەمانی سۆئێد ڕێک بخەن تا هەموو حیزبە سۆئێدییەکان لە نزیکەوە ئاگاداری ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و هاوپەیمانیی کوردستانی بن.

کاک مستەفا هیجری لەمبارەیەوە ڕوونی کردەوە کە گەورەکردنەوەی ئەم لایەنە پاوانخوازە کە ئیدعای گەڕانەوە بۆ پێش ساڵی ١٩٧٩ دەکات، تەنیا بەهۆی پشتیوانیی دارایی و شەپۆلێکی تەبلیغاتییەوەیە، نەک ئەوەی کە خەڵکی ئێران ئەوانیان بوێت؛ چونکە گەلانی ئێران خۆیان دژی ئەو سیستمە ڕاپەڕیون. سکرتێری گشتیی حیزب تیشکی خستەسەر ئەوەش کە پێگەی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ناسراوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیا جیهانییەکاندا تا ڕادەیەک پەراوێز خراوە، بۆیە ئامانجی حیزب ئەوەیە دەنگی پڕ لە مەینەت و مافخوازانەی ئەم بەشەی کوردستان بە بیروڕای گشتیی جیهان بگەیەنێت.

دیارە هەر لە چوارچێوەی دیدارەکانیدا لە وڵاتی سۆئێد، بەڕێز سکرتێری گشتی چاوی بە ڕۆژنامەنووس و کەسایەتیی دیاری کوردی لەو وڵاتە، بەڕێز "کورۆ باکسی" کەوت.

## شاندێکی باڵای "هاک-پار" سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی بانەمەڕی ١٤٠٥ شاندێکی باڵای پارتی ماف و ئازادییەکان (HAK-PAR) بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسییەکان سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

شاندی پارتی ماف و ئازادییەکان بە سەرپەرستیی "جەعفەر ستێرک"، جێگری گشتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هاکپار لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دیدارەکەدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە مێژوویی و دۆستانەکانی نێوان هەردوو لایەن، دوایین گۆڕانکارییەکان و دۆخی سیاسیی کوردستان لە هەر چوار پارچە و ناوچەکە بە وردی تاوتوێ کرا. هەروەها هەردوو لایەن جەختیان لەسەر پێویستیی هەماهەنگی و هاوکاریی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەر و گۆڕانکارییەکان و پاراستنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد کرد.

